# بولبولی دل دەشتی



بو لبلی دل هەســـــــتەوە بـەهارە گول شین دەکا
وەقتی نــەسـیم هاتەوە لەشـکری چـین مەشـقە ئەکا

هەســـــتە بەمەستی بـڕۆ بۆ گول و نەسـرینی ڕوو
ســــونبولەی شەب تاسەحەر هەمدەمە شەبنم دەکـا

لەنجەیی خۆشـنامەکەت خۆشــە لەگـەل نەغمەکەت
شەققەیی تـۆق و کەمەر بەربــەت ونەی شەق دەکـا

مەجلسی بـــادە نـوشان ڕوویــی نـــەزەر فرۆشـان
لەززەتی دەســـتی ساقی شانە لــە دل دەر دەکـــا

بەرگی سـەوز ئەپــۆشێ دلبــەری نـازک بـەدەن
چی نەیە حەسیەت دەبا دەس کە لە حــەننا دەکـا

جـەمعی مەلەک دێنە دەر فەســلی نەزاکەت کەدێ
گــررەیی شەوق و بەزم تەعـزییەیی خـەم دەکـــا

مـوژدە لە تۆ دەشـــتیا فیکــری قیـــامـەتـــی کـرد
قیبلەیی خاس وعـــەوام مـەیلـی ویســــــــــالت دەکا

دەشتی دیوانەکەی پڕیەتی لەم جۆرە هۆزانە تەڕو ناسک و شیرینانە کە لە ڕۆژگارانی لاویەتی بە ئاواتی گەیشتن بە یارە خۆشەویستەکەی نوسیویەتی ،ئەو دەمانەی کە ئەوینی کێژێکی جولەکە لە ئاوایی بێتواتەوە لە کاتی لاویەتی و فەقێیاتی دا لە و دێیە دڵگرەی دا کە لەو دەمانە گوندی بێتواتە گەلێ خەلکی جولەکەی لێ بووە، ئەو کچە یەهودیە دڵی دەشتی دەبات و ئاشقی ئەو دەبێت و لێرەدا قیبلەیی خاس و عەوام مەبەستی ئەو کچە جولەکەیە کە لەو ڕۆژگاراندد ئاشقی بووە ، هۆزانەکانی دەشتی هەتا بڵێێ بە تام و شیرینن ، مرۆ کە دەست بە خوێندنەوەیان دەکات دیوانەکەی دەشتی هەڵ دەداتەوە هەر حەز دەکات کە بە دل و گیانیەوە لە گەل ئەو شیعرانە بەرێتە سەرو لە هەلدانەوەی لاپەرە پڕ لە نرخ و هۆنراوە دڵگیرەکانی دەشتی دەستی شڵ نابێت و هەر حەز دەکات لاپەڕە لە دوای لاپەڕەوە شعرێکی تری دەشتی بخوێنیتەوە، هۆزانەکانی دەشتی بریتین لە ئەوین و سوتان و دڵداری و پیا هەلگوتن و نیشتمانی کە هەر هۆزانەی شاکارێکە،جا دەمەوێ ئاوا جارو بارە یەکێ لە شیعرەکانی دەشتی لێرەدا بڵاو بکەمەوەو بیخەمە بەر چاوی هەموو ئەوانەی کە لە بوونی دیوانەکەی دەشتی دا بێبەشن و لێرە تام و بۆی هۆزانەکان و هەستی ئەویندارى و نیشتمانی و نامەیی و ناسکی ئەم کەلە شاعیرە کوردە وەربگرن ، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە هۆگری شیعرو ئەدەبی کلاسیکی کوردین .

3.7.2005هەزاران سڵاو لە گیانی پاکێ ئەو زاناو شاعیرە نەمرەمان .